



# ئاوێنە بچووکەکانی دۆستۆیڤسکی



**ئامادەکردن و وەرگێڕان: هەژار**

لە 200 ساڵی رابردوودا کەم کەس هەن بارتەقای تێگەیشتی دۆستۆیڤسکی لە سروشت و دۆخی کەوتنی مرۆڤ تێگەیشتبن. توانا سەیرەکەی ئەو لە شیتەڵکردنی پاتۆلۆژیی بکوژێک (راسکۆلنیکۆف)، یانیش دەروونی پڕکەیفی جووتیارێکی ئاسوودەی رووسیا، بۆ ماوەی زیاتر لە سەتە و نیوێکە بوونەتە سەرچاوەی ئیلهامی نەوە دوای نەوەی نووسەران و بیرمەندانی جیهان، تەنانەت دەروونناسانیش. دەنگ و دیدگە پێغەمبەرانەکەی وای کردووە نووسەرێکی مەزنی وەک (ئی. ئێم. فۆرستەر) بڵێ: «دۆستۆیڤسکی پێغەمبەری ئەدەبە و رۆمانەکانی ئادگاری پێغەمبەرانەیان هەیە.»

لێرەدا ئاوێنەی باڵانوێن و گەورە و یەکپارچەی دۆستۆیڤسکیمان کردووە بە چەند پارچەیە یان چەند ئاوێنەیەکی بچووکەوە:

### ئاوێنەی لاوێک لە سەربازگەدا:

ساڵی 1837، ئەو ساڵەی دایکی بە نەخۆشیی سیل مرد، فیۆدۆری لاو نێردرا بۆ دامەزراوەی ئەندازیاریی سەربازی لە سانت پێترسبێرگ. خولق و خووە هونەرمەندانەکەی و جەستە قەڵەو و قورسەکەی بە جۆرێ داماویان کردبوو کە بەکەڵکی سەربازی نەدەهات، بەڵام هەوڵی دا هونەر و توێژینەوە مرۆییەکانی، کە ئەو پێی وابوو بژێویی دڵ و دەروونی ئەون، لە خۆی حەرام بکا تا وەکو کەسێکی رەقوتەق ئامادەی کارە تەکنیکییە وشکەکەی بێ. ژیان لە سەربازگە ئێجگار سەخت و دژوار بوو، بە جۆرێ کە دەنێو خێمە و لەژێر باراندا دەخەوت و جێخەوەکەی لە پووشوپەڵاش بوو، بە شرە پەڕۆ سەری داپۆشرابوو، بەڵام ئەوەی لە هەموو شت زیاتر ژیانی ئەوی لە سەربازگە قورستر کردبوو و هەروەتر زۆری بۆ هێنابوو؛ نەبوونی کتێب بوو.

### ئاوێنەی پاڕانەوە لە باوک بۆ کتێب:

لە نامەیەکی نێو کتێبی «نامەکانی فیۆدۆر میکایلۆڤیچ دۆستۆیڤسکی بۆ خێزان و هاوڕێکانی» و لە مەیی 1838دا، دۆستۆیڤسکی، کە ئەودەم تەمەنی شانزە ساڵان دەبێ، دوای ئەوەی زۆری بۆ دێت، خۆبەزلزانییەکەی قووت دەدات و داوای پارە و یارمەتی لە باوکی دەکا: «چۆن بتوانم کات بەبێ کتێب تێپەڕێنم؟ ئەگەر لەم پێویستییە باوانکوژەدا پشتی کوڕەکەی خۆت دەگریت، ئەوا لە سەرەتای مانگی جوندا پارەی بۆ بنێرە. ناوێرم زۆر لەسەر ئەم پاڕانەوەیەم سوور بم: داوای پارەی زۆرت لێ ناکەم، بەڵام ئەگەر ناردت سوپاس و پێزانینم سنووری نابێ.»

### ئاوێنەی «هەژاران» و هەژاریی دۆستۆیڤسکی:

«ئەوپەڕی دڵخۆشم بە رۆمانەکەم» ئەمە دێڕێکی ناو نامەکەی ساڵی 1845ی دۆستۆیڤسکییە بۆ براکەی، هەمان ئەو ساڵەی لە نووسینی رۆمانی «هەژاران» بووەوە. لەو ساڵەدا دۆستۆیڤسکی بە جۆرێ هەژار بوو کە هەر لەو نامەیەدا دەڵێ: «من چیم داوە لە ناوبانگ، کاتێ بۆ کڕینی نانی رۆژێک دەنووسم؟ برای عەزیزم خۆت چاک دەزانیت ئەم ماوەیە بۆ ئەوەی زیندوو بمێنم و بژیم، بژێویم کەوتووەتە سەر کاری خۆم. بەڵام سەرەڕای گشت ئەو شتانە، بۆ خۆم سوێندم خواردووە کە بەردەوام بم و خۆمی بۆ سازکەم. بێ چەندوچۆن دەمەوێ شتی باش بنووسم. هەر وەک پووشکین و گۆگۆڵ؛ لەگەڵ ئەوەی هەردووکیان کەمیان نووسی، بەڵام شایان بەوەن پەیکەری نەتەوەییان بۆ سازکرێ. ڕاستیت دەوێ دەمەوێ شتێک بنووسم کە خۆم بە دنیا بناسێنم. ئەگەر شکستم خوار، خۆم دەخنکێنم.»

### ئاوێنەی ناوبانگ:

دوای بڵاوبوونەوەی لە جەنیوەریی 1846دا، هەژاران رەخنەی کاریگەر و گرنگی زۆری لەسەر نووسرا و وەکو یەکەم رۆمانی کۆمەڵایەتیی رووسیا ناوی دەرکرد. پارەی باشیشی پەیدا کرد، بۆیە دۆستۆیڤسکی هەر دوای ئەوە لە نامەیەکدا بۆ براکەی دەنووسێ: «برای خۆم، باوەڕم وایە ئێستا ئیتر ناوبانگم وەک گوڵێک پشکوتووە. هەر جێیەک دەڕۆم گرنگیی زۆرم پێدەدەن و حەزێکی گەورەم پیشان دەدەن. بوومەتە هاوڕێی چەندان کەسی گرنگ. هەمووان وەک عەجایەبێکی دنیا سەیرم دەکەن. ئەگەر بەس دەمم بکەمەوە، هەوایش ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە دۆستۆیڤسکی دەیلێ، ئەوەی کە دۆستۆیڤسکی نیاز و مەبەستیەتی». دۆستۆیڤسکی دوای بڵاوبوونەوەی (هاوزا) دووەم رۆمانی دەڵێ: «ئێستا ئیتر ناوبانگم گەیشتووەتە چڵەپۆپەی خۆی».

### ئاوێنەی دۆستۆیڤسکی هەمان ئاوێنەی قارەمانەکەیەتی:

دۆستۆیڤسکی دوای بڵاوبوونەوەی هەژاران و ئەو رەخنە و نووسینانەی لەسەری نووسرابوون، جارێکی دی دڵی خۆی بەوە دەدایەوە کە قارەمانەکەیشی هەمان چارەنووسی تووش بووە: «گۆگۆڵیش هەر وای لێهات. جنێویان پێدەدا، جنێویان پێدەدا، بەڵام دەیانخوێندەوە. ئێستا ئیتر ئەو خەڵکە کردوویانە بە دەمەقاڵە و بە شانوباڵیدا هەڵدەدەن. ئێسقانێکی رەقم هاویشتووە بۆ سەگەکان، بەڵام لێگەڕێ بۆ خۆیان خەمی لێ بخۆن ئەحمەقینە! ئەوەی ئەوان دەیکەن تەنها پێی بەناوبانگتر دەبم».

### ئاوێنەی ئەڤینی غەمگینی دۆستۆیڤسکی:

«زاوازێڕینە سی و چوار ساڵی تەمەنە و بووکەخانیش بیست و نۆ.» ئەمە لە تۆماری کڵێسەی یەکەم هاوسەرگیریی دۆستۆیڤسکیدا نووسراوە، بەپێی ئەو نووسراوە، مێژووەکە دەگەڕێتەوە بۆ 6ی فێبریوەریی 1857. دۆستۆیڤسکی دوای چوار ساڵ لە خزمەتکردن لە سیبیریا دەگەڕێتەوە رووسیا و بێوەژنێک بە ناوی «ماریا دیمیترییێڤنا ئیسایێڤا» مارە دەکات. ئەگەرچی قەت بۆ یەکتر گونجاو نەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە جۆرێ لە جۆرەکان دۆستۆیڤسکی خۆشی دەویست. لەو هاوسەرگیرییەش کوڕێکی بەناوی «پاڤێڵ» هەیە. دوای نووسینی «ماڵی مردووەکان»، دۆستۆیڤسکی کە ئەودەم تەمەنی 40 ساڵان بوو، شێتانە دەکەوێتە داوی ئەڤینی کچێکی گەنجەوە بەناوی ئەپۆلیناریا- پۆلینا کە تەمەنی 21 ساڵان بوو. دۆستۆیڤسکی لە رۆژگاری گوتنەوەی وانەی نووسین بەو و بە چەندان گەنجی تر لە رووسیا، ناسیبووی. ئەوانەی توێژەری ژیان و بەرهەمەکانی دۆستۆیڤسکین، دەڵێن ئەڤینی راستەقینە (ئەڤینی ژیان)ـی دۆستۆیڤسکی «پۆلینا» بووە. ئەگەرچی پۆلینا کارەکانی دۆستۆیڤسکی نەدەخوێندەوە و حەزی پێیان نەبوو. دۆستۆیڤسکی لە جێیەکدا دەڵێ: «ژنێکی فشەکەری نەخۆش بوو». ئەم پەیوەندییە نەگەیشتە هاوژینی و بە ئێش بۆ هەردوولا کۆتایی هات، بەڵام بۆ دۆستۆیڤسکی بەئێشتر بوو، (ڕەنگە) هەر ئەمەیش بووبێتە هۆی ئەوەی لە ڕۆمانی «یاداشتەکانی ژێرزەمین»ـدا بڵێ: «ئەڤین یانی ئێش و ئازار، ئەگینا ئەڤین نییە.»



## لە یادی نووسەرە مەزنەکەدا

# دۆستۆیڤسکی ناوێک بۆ هەموو سەردەمەکان

**ئا: ئەدەب و کولتوور**

فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی (1821-1881)، یەکێک لە مەزنترین رۆماننووسەکانی سەتەی نۆزدە، لە مۆسکۆی پایتەختی رووسیا لەدایک بووە. کارە ئەدەبییەکانی لە دەوری دەروونناسی و ئایین و فەلسەفە دەسوورێنەوە و راستەوڕاست لەمسی تاریکترین کون و قوژبنەکانی دڵ و دەروونی مرۆڤ دەکەن و کاریگەرییەکی بەرچاویشیان لەسەر رۆمان و چیرۆکی سەتەی نۆزدەهەم داناوە.

لە بیستەکانی تەمەنیدا بە رۆمانی «هەژاران» دەست بە رۆماننووسین دەکات و کاتێ کە بڵاویش دەبێتەوە، تەمەنی 25 ساڵان دەبێ و خەڵاتی بازنەی ئەدەبیی سانت پێترسبێرگی پێ وەردەگرێ. هەروەتر نۆڤلێتی «یاداشتەکانی ژێرزەمین»ـی دۆستۆیڤسکی بە یەکەم کاری ئەدەبیی بوونگەرایی دێتە ژمار و زۆرێک لە رەخنەگرەکان پێی دەڵێن مەزنترین دەروونناسی جیهانی ئەدەبیات.

دۆستۆیڤسکی جگە لەوەی رۆماننووس و چیرۆکنووس بوو، رۆژنامەنووسیش بوو، کاری بڵاوکردنەوە و ئیدیتی بۆ چەندان گۆڤار کردووە. بە درێژایی ژیانی بە هەریەک لە (پووشکین، گۆگۆڵ، شکسپیر، دیکێنز، بالزاک، لێرمۆنتۆڤ، هیوگۆ، پلاتۆ، سێرڤانتس، هیگڵ، شیللەر، کانت، بێلنسکی، هێرزێن، باکونین، ساند، هۆفمان و میتسکیڤیچ) کاریگەر بووە و خۆیشی کاریگەریی لەسەر هەریەک لە (ئەنتوان چێخۆڤ، فریدریک نیتچە، ئێرنست هەمەنگوەی، یان راند، سیگمۆند فرۆید و ژان پۆل سارتەر) داناوە.

لە لیستی بەناوبانگترین کارەکانی دۆستۆیڤسکیدا ناوی ئەم رۆمانانە دێن: یاداشتەکانی ژێرزەمین (1864)، تاوان و سزا (1866)، گەمژە (1869)، شەیتانەکان (1872) و برایانی کارامازۆڤ (1880).

لە ٩ی فێبریوەریی 1881دا دوای ئەوەی لە دوارۆژەکانی ژیانیدا تووشی نەخۆشیی خوێنبەربوون دەبێ، لە سانت پێترسبێرگ لە رووسیا کۆچی دوایی دەکات. ئەدەب و کولتووری رووداو بە گرنگی زانی ساڵیادی کۆچی دوایی ئەو نووسەرە بەبیر خوێنەرانی بێنێتەوە.

# دۆستۆیڤسکی لەمرۆڤدا



**بەختیارحەمەسوور**

ئەگەر بە تینوتاوێکی کالڤینۆییەوە دەست پێ بکەین و بپرسین: لە کاتێکدا هەواڵەکانی ڕۆژ بە سەرماندا دەبارن، چۆن دەرفەت و ئازادیی بیرکردنەوەی پێویست بۆ خوێندنەوەی کتێبە کلاسیکەکان برەخسێنین؟ یان: لەبری چرپوونەوە و وەستان لەسەر خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی باشتر لە سەردەمی خۆمان تێماندەگەیەنن، بۆچی کتێبگەلی کلاسیک بخوێنینەوە؟ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێمە لەگەڵ بەرهەمە کلاسیکەکان لە دوو دەلاقەوەیە: فۆڕم و ناوەڕۆک. لە ئاستی فۆڕمدا، بە سیلێکتکردنی بەشێکی زۆر لەو بەرهەمانە، دەتوانین بڵێین شتێکی ئەوتۆیان پێ نییە بۆ سەردەمی ئێستامان، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە، بەشێک لەو بەرهەمانە، دەتوانن، یان لە توانایاندایە لەگەڵ ئێمە و سەردەمەکەماندا بکەونە دیالۆگ و پێشنیار.

ئەم یاداشتە دەیەوێت نووسراوەکانی دۆستۆیڤسکی لەم بەستێنەدابخوێنێتەوە.

ئەدەبیاتی دۆستۆیڤسکی، ئەدەبیاتی فەخامەت و شەهامەتە. ئەدەبیاتێک کەمتر دەپەرژێتە سەر بابەتە هەرزان و ڕۆژانەییەکان، ئەدەبیاتێکە بە شیددەت لەگەڵ بابەتە جەوهەری و گەردوونییەکاندا دەستەویەخەیە. خوێندنەوەی ئەم جۆرە لە ئەدەبیات کە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە سەر دانتێ و گۆتە، جۆرێک لە خۆئامادەکردن و خۆفیداکردنی دەوێت. لەم شێوازە نووسینەدا کە سەروکارێکی تەواوی لەگەڵ گەردووندایە وەک مەتەڵ و ئەگەر، وەسوەسە و دەغدەغەی ئینسان شپرزە و شێواو دەکات. بابەتگەلێک لە چەشنی: خودا، ئیمان، عەشق، مەرگ و... هەریەک لەمانە، پلۆت و مشتومڕی فەلسەفە و ئەدەبیاتی دۆستۆیڤسکین.

ئیمان، لە مەسەلە بەرجەستەکانی ناو ئەدەبیاتی دۆستۆیڤسکییە. ڤیچسلاڤ ئیڤانۆڤ لە کتێبە نایابەکەیدا: «ئازادی و ژیانی تراژیدییانە»، بە جوانی ئەم دیوەی دۆستۆیڤسکی شەرح و کەشف کردووە: دۆستۆیڤسکی دڵی مرۆڤ بە گۆڕەپانی شەڕی دەستەویەخەی خودا و شەیتان دەبینێت، شەڕێک کە هەمیشە ئیمان هەڵگیرسێنەریەتی و ڕێخۆشکەر. لە خولقاندنی کارەکتەری راسکۆلنیکۆفدا، ئێمە ئەو ملبادان و ملجەڕاندنە زۆرەی دۆستۆیڤسکی دەبینین کە چۆن دەیەوێت ئەو کارەکتەرە لە دەرەوەی یاسا و ئیمان و ئەخلاق دابنێت. لە هەمان کاتدا، لە فۆرموولەی ڕۆمانەکەدا، شکستی ئەو جۆشش و کۆششە دەبینین، بەوەی کە حەقیقەتی گوناهی مرۆڤەکان بۆ گشت مرۆڤەکانە. ئەمەیش پەیڕەویکردنە لە هەمان مەتنی ئینجیل: «هەموو مرۆڤایەتی بریتییە لە یەک مرۆڤ، ئێوە لە مندا و منیش لە ئێوەدا.» تێما و ڕیشەی ئەدەبیاتی دۆستۆیڤسکی بە شاقووڵی ڕۆچووەتە ناو سێیینەی ئیمان و خودا و شەیتانەوە؛ شەیتان وەک سەرچاوەی شەڕ. بە جۆرێک ئەم ئەدەبیاتە لە توانایدایە وێنەیەکی تەکاندەر لە ئێستا پێشان بدات و ڕووی ڕاستەقینەی «ئایین وەک ئەفیون» دەربخات: زەنگی کڵێسا و فتوای مزگەوتەکان و لەناوبردنی ئینسانەکان بە دەستی ئینسانەکان، وەها پێکداچوو و ناواخنن، لێک جیاکردنەوەیان سەختە و مەحاڵ.

یەکێک لە جیاکەرەوە و تایبەتمەندییەکانی ئەدەبیاتی دۆستۆیڤسکی، دوان و دیالۆگکردنیەتی لەگەڵ ڕەهەندی ناوەوە، بەوپێیەی ڕەهەندی ناوەوە سەر بە هیچ شوێن و زەمەنێک نییە، بۆیە ئاسان و ڕاحەتتر دەتوانرێت بچێتە هەموو شوێن و زەمەنەکانەوە. هەر لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامە نیچەییەی کە دەڵێت: «هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسێک لەم جیهانەدا نەیتوانیوە شتێکی مەزن بخولقێنێت ئەگەر لە سەرەتاوە بە چوونە ناو قاوغ و خۆهاویشتنە ناو تەنیایی خۆی، دەستی پێ نەکردبێت.» دۆستۆیڤسکی، وەک مارشاڵ بێرمەن بۆی چووە: قووڵایی و کەفوکوڵی ڕاستەقینەی ژیانی ناوەکیی مرۆڤی نوێمان پێشان دەدات.

ئەدەبیاتی ڕووسیی سەرەتای سەتەی نۆزدە، ئەدەبیاتی کارمەندە ئاسایی و پلە نزمەکانە، ئەو کارمەندانەی یەکەمین وێنەی لای پووشکین ڕەنگڕێژ دەبێت و پاشتر لای گۆگۆڵ و نووسەرانی تر ئەم وێنە بە تۆن و شێوەی جیاواز دەردەکەوێت و دەنوێنرێتەوە. کارمەندەکانی دۆستۆیڤسکی «لەڕیزی کارمەندانێکن، بانگەشەیان بۆ ڕێز و پلەی مرۆییە لە شارێکدا، کە ئینکاری ئەو ڕێز و پلەیەیان دەکرێت.»

کارمەندانێکن سنوودار و ناسک، نایانەوێت ئەو چینە زاڵ و سەردەستەی کە ژیانی شەقام و کولتوور و هەموو بەشەکانی تری بۆ خۆی قۆرخ کردووە، بەسەر ئەمیشدا بخورێت و حوکمی بکات، کارمەندانێکن ناڕازی و مۆن. تووڕە و خۆخۆرەوە. ڕۆمانی «یاداشتە ژێرزەمینییەکان»ی دۆستۆیڤسکی، بە گوتەی مارشاڵ بێرمەن؛ پارادیم یان سەرنموونەی کلاسیکی چیرۆکە پیێترزبۆرگییەکانە: ئەفسەری ئەشرافی بەرامبەر کارمەندی هەژار. ئەمە چرکەی دەرکەوتنی خەڵکە، زایەڵەی ئەو دەنگە تووڕە و ناڕازییانەیە کە کپ و خامۆش کرابوون.

نموونەی دەنگە کز و لێڵەکانە: لە مەیخانەدا دەبێت بە هەراوهۆسە، کارمەندێکی داماو لەوێیە، چیرۆک لەزاری کارمەندەکەوە دەگێڕدرێتەوە: «لەپاڵ مێزی بلیارد وەستابووم، لەوپەڕی گێلێتیدا سەرڕێگەم گرتبوو. ئەفسەرەکە بە نیازی تێپەڕین بۆ کۆنترۆڵکردنی شەڕەکە، هەردوو شانی گرتم و منی لە جێگەکەم گواستەوە. دەمتوانی لە لێدانەکانی خۆش بم، بەڵام نەمدەتوانی لەوە خۆش بم منی لەسەر ڕێگە لادابوو. وا دیاربوو تەنانەت بۆ فرێدانیش لە پەنجەرەوە نەدەشیام. ئەوی ئازاری دەدام ئەوەبوو تەنانەت لە شەقامیشدا نەمدەتوانی هاوشانی بم. سەعات سێی بەرەبەیان لە خەو ڕادەچڵەکیم و دەمپرسی: باشە بۆ دەبێت هەمیشە یەکەمجار تۆ لابچیت و ئەو نا؟ باشە خۆ لەم بارەوە نە ڕێسا هەیە نە یاسا... وا باشترە هەردوولا یەکسان لابچین؛ نیوە بە نیوە.»

لە کوێدا ناعەدالەتی و غەدر هەبوون، زایەڵەی ئەم دەنگەیش هەیە، تەنانەت گەر لە نزمترین ئاستیشدا بێت: نووزە. ئەمە هەمان ئەو دەنگەیە کە زوو زوو لەم هەرێمەی ئێمەدا و لەم ساڵانەی دواییدا دەتوانرێت لەسەر شەقام و بەردەم وەزارەت و پارلەماندا ببیسترێت و ببینرێت. خوێندنەوەی ئەدەبیاتی دۆستۆیڤسکی لەمرۆڤدا، دەرفەت و ئیمکانیەتە، ئەم ئەدەبیاتە بە ئاسانی دەتوانێت لەگەڵ سەردەمەکانماندا بکەوێتە گفتوگۆ و پێشنیار و تێگەیشتنی باشتر و زیادتر، لەوەی خەریکە لە دەوروبەرمان چی ڕوودەدات و بڕیارە چیتریش ڕووبدات.

ئەدەبیاتی دۆستۆیڤسکی، چەشنی ئەو باڵەخانە و بینا کۆنانەی، لەگەڵ ئەوەی دەستی ڕۆژگار و سەردەمە دوورەکان زەبری خۆیان لێ وەشاندووە و پواو و کاڵ و لاشانەکانیان ڕماندووە، بەڵام هێشتا شکۆ و ڕەونەق و مەزنیی خۆیان پاراستووە و شەڕی سەردەمانێکی تر دەکەن؛ سەردەمانێکی دوور.

# شۆڕشی شینی ئیڤ کلاین



**سەنگەر قوباد**

ئەوەی ئیڤ کلاین Yves Klein دەیکرد، گێڕانەوەی واقیعیەتی هەستی چێژبەخشین بوو، هەستێک بۆ دەربڕینی ویستی تێپەڕاندنی هۆکارەکانی ژیانی دەستەبەربوو و گەیاندنی بە قووڵتر. واقیعیەتی نوێی ئەو جۆریەکی ستایشە بۆ ژیان لە لێوارەکانی ژیاندا.

کارەکانی ئەم هونەرمەندە لە گواستنەوەی هونەردا فەزایەکی گەورەی داگیرکرد. ئەو پیاوەی کەم ژیا، بەڵام پێشبینییەکانی بۆ گۆڕانکارییە هونەرییەکانی دوای خۆی مافی ژیانێکی درێژتری دەدەنێ و ناتوانین تەنیا نێوان ساڵانی 1928 بۆ 1962 ی بۆ تۆمار بکەین. چونکە رامانی ئەو زەمەنێکی درێژتری تۆمار کرد و پێشبینیی ئەو گۆڕانکارییانەی کرد کە بەسەر مێژووی هونەری شێوەکاریدا هاتن، بۆیە لای هەوادارانی هونەر بە زیندوویی مایەوە. هەر کاتێک باسی هونەری نوێ دەکرێ، ناتوانرێ پشت لە ئیڤ کلاین-ی فەڕەنسی بکرێت، چونکە لە کارەکانیدا زۆربەی ڕەهەندەکانی هونەری نوێ دەدۆزرێنەوە، وەک: هونەری چەمکگەرایی Conceptual Art، هونەری ئەدائی Performance Art، هونەری تاکڕەنگی Monochrome، هونەری کورتکردنەوەی تەواو Minimal Art، هونەری ڕوودانگەرایی Happining، ڤیدیۆی هونەری Video Art. بۆیە ئەستەمە لە هیچ ڕێڕەوێکی هونەریی هاوچەرخدا ڕۆڵی کلاین پەراوێز بخرێ و زۆربەی تیۆرکارانی هونەری بە چاوێکی گەورەوە لێی دەڕوانن و بەسەری دەکەنەوە.

ئیڤ کلاین لە شاری نیسی باشووری فەڕەنسا هاتە دونیاوە، لەگەڵ خۆیدا نهێنییە شینە جیهانییەکەی هێنا، ئەو نهێنییەی چاوپێکەوتنی نێوان بینراو و نەبینراوە، دەریا و ئاسمانە، کە دواتر شۆڕشێکی شینی بۆ ئەم نهێنییە خودییەی خۆی خستەوە. ئەو لە سەرەتاکانی ژیانیدا بۆ تێفکرین دەچووە ئەو شوێنانەی پاراوبوون لە ڕۆحی بەشەری و خوێندنەوەیەکی قووڵی بۆ ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکان هەبووە. کاتێکیش چووە پاریس، لەگەڵ خۆیدا یاخیبوونی برد. هەڵسوکەوتی هونەریی ئەو لە دادایيەکان دەچوو.

کلاین؛ جەستەی ئافرەتی بەکاردەهێنا و ئەمەی لە سروتی ژەنینی میوزیک بە شێوەیەکی زیندوو ئەنجام دەدا و دەیگوت «بەم شێوەیە پەنجەکانم بۆیاخ ناگرن، دەروونم ڕەنگ دەگرێ. هاوکات کاری هونەری خۆی خۆی بەرهەم دەهێنێت، بەبێ ئەوەی من دەستی بۆ بەرم.»

ئەگەر بینەری یەکێک لە نمایشەکانی بین، دەبینین؛ ئیڤ کلاین ئاماژە بۆ ئۆرکسترا بچووکەکە دەکات و ئەوانیش دەست بە ژەنینی میوزک دەکەن. زەویی شوێنی نمایشەکە بە کاغەزی قەبارە گەورەی نیگارکێشان داپۆشراوە و هەموو شتێک بە وردی ڕێکخراوە و، هیچ خاڵێکیش نییە بەهەند وەرنەگیرابێت. چەند ئافرەتێکی ڕووت لە نێو شلە ڕەنگی شیندان و خۆیان ڕەنگرێژ دەکەن، پاشان بە فەرمانی کلاین لە پانتاییە ڕەنگییەکە دێنە دەرێ و جەستەی خۆیان لەسەر کاغەزە گەورەکان دەخشێنن یان بەشێک لە جەستەیان دەخەنە سەر کاغەزەکە، بەم جۆرە شێوەی جیاوازی جەستە لەسەر کاغەزەکە چاپ دەبێت. هەروەها لە چەند کارێکی دیکەیدا کاغەزی گەورە بە دیوارەوە هەڵواسراوە و ئافرەتە ڕووتەکان مەمک و سک و سمتی خۆیان بە ڕەنگی شین چەور دەکەن و لە کاغەزەکەی دەنێن، تا وێنەی جەستەیان چاپ ببێت.

ئەم کارانەی کلاین، ئەفسانە و چاخە کۆنەکان وەبیری ئادەمیزاد دەهێننەوە. چاپکردنی جەستەی ڕووت لەگەڵ نیگار و پەیکەری زۆریەک لە کۆمەڵگە بەراییەکانی مرۆڤایەتیدا یەک دەگرنەوە. جەستەی ئافرەت بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤە و سیمبۆلی بیرکردنەوەیە. بۆ نموونە؛ لە شارستانیەتی ئاشووریدا مەمک و ئەندامی زاوزێی ئافرەت سیمبۆلی ژیان و چاکە و نوێبوونەوەیە.

کلاین تەنیا سێ ڕەنگی بەکاردەهێنا، شین و زێڕین و پەمەیی، بە زۆریش ڕەنگی شین، چونکە پێیوایە؛ ڕەنگی شین حەقیقەتی بوون Existence ـە، بەوەی هەموو بۆشاییەکان خۆیان شین دەنوێنن، لە نموونەی دەریا و ئاسمان و، بۆشاییەکانی نێوانیان. کارەکانی تاکڕەنگی Monochrome ـن و، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر ستەیج و لەبەردەم بینەردا نمایش دەکرێن. مەبەستی لەمە یەکگرتنی ڕۆح و جەستەیە، ڕۆح هونەرە و جەستەیش کارەکتەرەکان. ئامانجیەتی ڕۆح و جەستە یەک بگرن.





# لەبارەی فیلمی ئەلبێرت نۆبس ..
# ببە بەوەی کە هەیت

## " تۆ پێویست نییە ببی بە هیچ شتێک، جگە لە خۆت" هیوبێرت

**خەندە حەمید**

ئەلبێرت نۆبس فیلمێکی درامیی بەریتانی-ئێرلەندییە و باس لە سەدەی نۆزدە دەکات. فیلمەکە لە رۆمانێکی رۆماننووسی ئێرلەندی، جۆرج مۆر-ەوە وەرگیراوە و لەلایەن رۆدریگۆ گارسیاوە کاری دەرهێنانی بۆ کراوە. خانمە ئەکتەر (گلێن کلۆز) رۆڵی کارەکتەری سەرەکیی ئەم فیلمە دەگێڕێت، هەروەها ئەکتەری یاریدەدەر (جانێت میکتیەر) کە هەردووکیان بۆ خەڵاتی باشترین ئەکتەر و باشترین ئەکتەری یاریدەدەر پاڵێوراون. ئەم فیلمە هەروەها خەڵاتی گۆڵدن گلۆبی بردووەتەوە، هاوکات بۆ خەڵاتی ئەکادیمیی باشترین مکیاژ پاڵێوراوە. پێشتر ئەم رۆمانەی جۆرج مۆر لە ساڵی 1982دا بە ناونیشانی "ژیانی تایبەتی ئەلبێرت نۆبس" کراوە بە شانۆ و هەمان ئەکتەر (گلێن کلۆز) رۆڵی تێدا گێڕاوە، لەم شانۆییەدا خەڵاتی باشترین ئەکتەری بردەوە.

ئەم فیلمە چەندین رانانی جیاواز هەڵدەگرێ. ئەوەی جێی سەرنجە و دەبێ بگوترێ، ئەوەیە کە ئەلبێرت نهێنییەکی لەژیانیدا هەیە، ئەو لەڕاستیدا ژنە، بەڵام کارەکتەری راستەقینەی خۆی گۆڕیوە. کاتێ ژنێک جێندەری خۆی دەشارێتەوە و وەک پیاو رۆڵ دەگێڕێ، ئەوا لە زۆر لایەنەوە چیرۆکێکی تراژیدی لە پشت ئەم خۆشاردنەوەیەوە هەیە. ئەو بۆ ماوەی 30 ساڵ لە بەرگێکی پیاوانەدا خۆی شاردووەتەوە و وەک گارسۆن بەوپەڕی توانا و بێدەنگییەوە، بەڵام پڕ لە غەم و ئازار ئیشی کردووە. بۆ گۆڕینی شێوە و شاردنەوەی جێندەری خۆی چیرۆک و هۆکاری خۆی هەیە نەک بە حەز و ئارەزووی خۆی بێت، بەڵکو بۆ پاراستنی خۆی و ئیشکردنێکی سەربەخۆیانە بووە. ئەلبێرت لە گێڕانەوەی یادەوەرییە تاڵەکانی ژیانیدا باسی ئەوە دەکات کە ئەو لەلایەن ژنێکەوە بەناوی خاتوو نۆبس بەخێو کراوە. ئەو ژنە لەلایەن ماڵی دایکی راستەقینەی ئەلبێرتەوە پارەی پێدراوە بۆ ئەوەی بەخێوی بکات. بەهۆی ئەوەی کە پارەی دراوەتێ، ئەلبێرت شانسی ئەوەی هەبووە کە ماوەیەک بخوێنێ. خاتوو نۆبس دەزانێ ئەلبێرت کێیە، بەڵام هەرگیز پێی نەگوتووە، نۆبس لەناکاو دەمرێ کاتێ ئەو تەمەنی 14 ساڵان دەبێت. ئەلبێرت هەرگیز نەیزانیوە دایک و باوکی کێیە، بۆ دەبێ ئەو ژیانە بژی. تەنیا وێنەیەک بە ئەلبێرت دراوە و پێی گوتراوە کە ئەوە دایکییەتی. ئەو بێ پشتگیری و پاراستن لەنێو ژیانێکی نەپارێزراودا دەمێنێتەوە، دواتر بڕیار دەدات ئیش بکات. شەوێکیان لەلایەن پێنج پیاووە پەلامار دەدرێ و دەستدرێژیی دەکرێتە سەر، ئازار دەدرێ و بەم شێوەیە بەجێدەهێڵدرێ. ماوەیەک پاش ئەوە دەبیستێ ئێوارەخوانێکی گەورە لە هۆڵی فریماسۆن (Freemason's Hall) رێکدەخرێ، بۆ ئەمە پێویستیان بە گارسۆنە. لەم کاتەدا بە خۆی دەڵێ فیگۆری من بۆ گارسۆنی باش و دروستە. هەر ئەو کاتە قاتێکی پیاوانە پەیدا دەکا تاوەکو ئیشەکە وەربگرێ، هەرچەندە گومانی هەیە کە بتوانێ ئیشەکە بەدەستبهێنێ، بەڵام سەرکەوتوو دەبێ و لەنێو قاتێکی پیاوانەدا دەست بە ئیش دەکا، چونکە بەدەستهێنانی ئیش و ئیشکردن وەک پیاو ئاسانترە وەک لە ژن، ئەمە چیرۆکی بوون بە پیاوی ئەلبێرتە.

چی روودەدات ئەگەر جێندەرێک رۆڵی جێندەرەکەی دیکە بگێڕێ؟ زۆر بەسادەیی گەر کۆمەڵگە رێگە بە کەسانێک بدات ببنە ئەو کەسەی کە هەن و ئەوەیان خۆشبوێ کە دەیانەوێ، ئەوا هەرگیز ئەو ژیانە و رێگە تراژیدییە ناگرنەبەر کە پڕە لە تاسە، نهێنی و هەڵخەڵەتاندن. ئەمە ئارگومێنتی ئەوەمان پێدەدات جیاوازییە جێندەرییەکان ئەنجامی چەوساندنەوە و ستەمکاریی کۆمەڵگەن کە بڕیار دەدەن ژن و پیاو چۆن رەفتار بنوێنن. زۆرینەی جیاوازییەکانی نێوان ژنان و پیاوان بەرهەمهێنراوی کۆمەڵایەتین، بۆیە شیاوی گۆڕانن.

ژیانی ئەلبێرت بەتەواوی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، کاتێک پیاوێک بەناوی هیوبێرت بۆ بۆیاخکردنی هەندێ شوێنی ناو هوتێلەکە دێت، پێویستە بۆیاخچییەکە بۆ شەوێک لە هوتێلەکەدا بمێنێتەوە. خاتوو مارگەرێت کە خاوەنی هۆتێلەکەیە، پێشنیار دەکات بۆیاخچییەکە ئەو شەوە لە ژوورەکەی ئەلبێرت بمێنێتەوە. هیوبێرت بەڕێکەوت بە نهێنییەکەی دەزانێ، ئەلبێرت ترسێکی زۆر لە سیمایدا بەدەردەکەوێ، لە هیوبێرت دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی نهێنییەکەی بپارێزێ و ئاشکرای نەکات. بۆیاخچییەکە بەڵێنی پێ دەدات کە نهێنییەکەی لای ئەو پارێزراو دەبێت، بەڵام ئەلبێرت بۆ دڵنیابوونەوە لە بەڵێنەکەی ئەو، بەردەوام بە دەوریدا دێ و دەچێ و بۆ دەرفەتێک دەگەڕێ دیسان بەڵێنی لێ وەربگرێتەوە. پاشان هیوبێرت بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەلبێرت قۆپچەی کراسەکەی دەکاتەوە تاوەکو مەمکەکانی نیشان بدات، ئەویش هەمان نهێنی و ئەزموونی هەیە، بەڵام بە چیرۆکێکی جیاواز. نۆبس بە ڕادەیەک شۆک دەبێ کە قسەی بۆ ناکرێت، پاشان دڵخۆشییەکی سەیر بە روخسارییەوە دیارە. ئەو لەوێدا هەست دەکات چیتر تەنیا و نامۆ نییە، ئەو تاکە کەس نییە نهێنییەکی بەم شێوەیەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێ.

چیرۆکی هیوبێرت ئەوەیە: لەدەست هاوسەرە خراپ و بەدمەستەکەی هەڵاتووە کە بەردەوام شەڕی لەگەڵ کردووە و لێی داوە. هیوبێرت بە لێهاتوویی خۆی ئیشی هاوسەرەکەی فێر بووە و ئێستا کارەکەی ئەو دەکات. ژنەکان ئازارەکانیان لەیەک دەچن و هاوشێوەن، چونکە بەردەوام بە هەمان رێگە ئازار دەدرێن. ئەو هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێک بەناوی کاسلین کردووەتەوە کە وەک خۆی تەنیا و بێکەسە، ئێستا بەیەکەوە زۆر بەختەوەرن. ئەلبێرت لەمەوە دەیەوێت ئاراستەی ژیانی بگۆڕێت، ئەویش بتوانێ دەرفەتێکی ئاوا لە ژیانیدا رێکبخات، بەختەوەرانە ئەو کارە بکات کە چەندین ساڵە خەونی پێوە دەبینێ و پارەکانی بۆ بەلاوەدەنێ و پاشەکەوتیان دەکا. ئەلبێرت چۆن رەفتاری گۆڕیوە، ئاواش کارەکتەری گۆڕاوە، ئەو تووشی سەرلێشێوان دەبێت بەهۆی ئەو پرسیارانەی لای دروست دەبن سەبارەت بە پەیوەندیی هیوبێرت و کاسلین. ئەو پرسیارە دەکات کە چۆن هیوبێرت ئەم هاوسەرگیرییەی رێکخستووە؟ کەی بە کاسلینی گوتووە کە ئەو ژنە، پێش هاوسەرگیرییەکە یان دوای هاوسەرگیرییەکە، ئەو دەرک بەوە ناکات کە پەیوەندیی ئەوان پەیوەندییەکی هۆمۆسێکسواڵە (لیسبیەنانەیە).

لە یەکێک لە دیمەنەکاندا ئەلبێرت و هیوبێرت پێکەوە بەرگی ژنانە دەپۆشن، هەردووکیان نامۆ دەردەکەون، ئەلبێرت لە کەنار دەریاکەدا بە پۆشینی بەرگی ژنانەوە تەواو هەستێکی نامۆی هەیە لەگەڵ ئەوەی هەست بە ئازادی و ژنێتیی خۆیشی دەکات. ئەو هەستانەی ئەلبێرت دەرخەری ئەوەیە کە ئەو هەست دەکات لە جەستەیەکی هەڵەدا بەند نەکراوە، بەڵکو لە بارودۆخێکی دژواردا ناچارکراوە جێندەری خۆی بگۆڕێ. جەستەی مرۆڤەکان هۆشی مرۆڤەکان دەگۆڕێ، هەروەک چۆن هۆشیش رەفتارەکان دەگۆڕێ، مرۆڤەکان زوو ڕادێن بەو بارودۆخانەی کە بەسەریاندا دێت، ئەوان دەتوانن خۆیان بگونجێنن. هەروەک ژنە فەیلەسوف هاسلانگەر (Haslanger) پێی وایە، جیاوازیکردن لە نێوان سێکس و جێندەر، دەبێتە هۆی لێکجوداکردنەوەیان: ئەوان جودان لە یەکدی، لێرەدا یەکێک دەتوانێ بە سێکس مێ بێت، بەڵام بە جێندەر نێر بێت، یان بە پێچەوانەوە. هەروەک لەم فیلمەدا ئەلبێرت و هیوبێرت هەردووکیان بە سێکس مێن (ژنن)، بەڵام بە جێندەر پیاون.

لە کۆتاییدا ئەلبێرت لەژێر کاریگەریی هیوبێرت دەیەوێت لەگەڵ یەکێک لە کچە خزمەتکارەکان بچێتەدەرەوە و زووانی لەگەڵ ببەستێ و خەونەکانی لەگەڵدا بەدی بێنێت، دواجار هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، بێ ئەوەی لەو هەستەی خۆی دڵنیابێ و یەکلابێت کە چییە و چۆنە؟ لەمەدا شکست دێنێ و بە مردنێکی تراژیدیانەی خۆی کۆتایی دێت، لەوێوە نهێنییەکەی بۆ هەمووان ئاشکرا دەبێت.

# پەناگەی دووەم سەربازی هەڵاتوو



**چیرۆک: ئەسکەندەر جەلال**

ژوورەکە چی تێدابێ باشە؟ بەعەقڵ چۆنی لێ دەفکری، ژووری بێ چەند ساڵێک بێ جێهێڵدرابێ و هیچ رێبوارێ رێی تێنەکەوتبێ، پەنجەرەی بە دیوارەکەوە رۆچووبێ و بووبێتە بەشێک لە دیوارە پیرەکەی، ژوورێک چەند دەیەیەک بێ کەس پەنجەرەکەی نەترازاندبێ و دەرگاکەشی بە نیمچەکراوەیی جێهێڵدرابێ هەروەک ئەوەی کەسێ بە ئەسپایی لێیەوە هاتبێتە دەرەوە بۆ ئەوەی لە دەنگە غەریبەکەی دەرەوە بگات و بچێتەوە ژوورەوە، دەرگاکەی کەمێک بەکراوەیی جێهێشتبێ و دواییش هەرچوونی هەبووبێ و گەڕانەوەی نەبووبێ.

ژوورەکە چی تێدابێ باشە، عەقڵ چۆنی لێ دەفکرێ؟

من خۆم پێموایە ئەو ژوورە ئەگەر قەرەوێڵەیەکی یەک نەفەری کۆنی چل پەنجاساڵ لەمەوبەری تێدابێ، حەکایەتی تەنیایی یەک تاکەکەسی ژیاو لەو ژوورە بکات.. ئەگەر یەک تاکە پیاڵەی لەقوتوو دروستکراو و یەک قۆریی بچووک و یەک پاڵتۆی گەورەی سەربازیی ئەستووری بەقەد دیوارەوە هەڵواسراوی تێدابێ، کەواتە ئەم ژوورە هەر هی پیاوێک بووە بەتەنیا لەم ژوورەدا ژیاوە ، کاتێکیش بە وردی و چوختییانەتر سەرنج لەو ژوورە بدرێت و لەژێر قەرەوێڵە یەک نەفەریەکەی چاوێکی زیت بگێڕیت، ئەوا ئەو چەکە ئینگلیزییەش دەدۆزیتەوە کە لە پیاوێکی تەنیا ژیاوی ژوورەکە بەجێماوە... زیاتریش بگەڕێیت چاوت بەو پارچە کاغەزە زەردە کۆنە بەئاستەم ماوانەش دەکەوێت کە ئەم پیاوە نووسیونی، خۆ ئەگەر ئەو لاپەڕە کۆن و زەردهەڵگەڕاوە خۆڵ لێ نیشتووانەش ئاودیو بکەیت و بەهێواشی لێیان بڕوانی، ئەوکات بۆت دەردەکەوێ ئەم پیاوە هەڵاتوویەکی شەڕ بووە و خۆی لەم ژوورە لاتەریکەدا مەلاس داوە.

ژوورەکە شتی زۆری تێدا نییە، جگە لەو پیاڵە لە قووتوو دروستکراوە و قۆرییە بچووکە، جگە لە قەرەوێڵەیەکی یەک تاکەکەسیی ئەنتیک و تفەنگە ئینگلیزییەکە و پاڵتۆسەربازییە کۆنە هەڵواسراوەکە هیچیتر نابینرێت ، ئەوە نەبێت سەعاتێکی لەدار دروستکراویش لەقەد دیوارەکە هەیە. سەعاتێکە لەو سەعاتانەی سەندوقێکی پێوەیە لە شێوەی کوخێکی بچووک کە بولبولێکی دارینی تێدایە و سەرەسەعاتان دێتە دەرەوە و دەچێتەوە ژوورەوە و چەندجارێک دەخوێنێت وەکو ئاگادارکردنەوەیەک بۆ سەرەسەعاتان، راستییەکەی سەعاتەکە وەکو هەر سەعاتێکی تری نێو موخازەکان لەسەر سەعات10:15 خولەک وەستاوە، کەچی بولبولەکە هاتۆتە دەرەوە وەک ئەوەی ئەوکات زیندوو بووبێ و لەدەرەوە رەق هەڵاتبێ و ملی خواربووبێتەوە.

ئەم ژوورە کە ئەم شتانەی تێدایە و دەرگاکەی بە نیمچەکراوەیی بەجێماوە ، رەنگی هەموو شتەکانی ناوی گۆڕاوە، نە تفەنگ رەنگی خۆی ماوە نە کاغەز.

ئەم ژوورە کە پێدەچێ رێبواری نیشتەجێی ناوی چووبێتە دەرەوە و ویستبێتی لە ئارامیی شوێنەکەی دڵنیابێ و هەر چوونی هەبووبێ و نەهاتبێتەوە ژوورەوە، سەعاتەکەی لەسەر 10:15 خولەک وەستاوە، بولبولی نێو سەعاتەکەی هاتۆتە دەرەوە و رەق هەڵاتووە و ملی خواربووەتەوە.

ئەوەتا دوای ئەو هەموو ساڵە، رێبوارێ هاتووە و هەڵاتووی جەنگە و لە ژوورەوە خۆی شاردووەتەوە، ئەو رێبوارە لەخەمی ئەوەدایە چۆن هەواڵێ بگەیەنێتە دەزگیرانەکەی و بڵێت لە تەواوبوونی جەنگ دڵنیا نییە کەچی کاغەزە کۆنەکان دەبینێ و دەست بە خوێندنەوەیان دەکات.

لە کاغەزە کۆنەکەدا رێبوارەکەی کە چووەتە دەرەوە و نەگەڕاوەتەوە ژوورەوە، بۆ ژنەکەی نووسیوە :

خانم کەس گەرەنتی نەمانی شەڕی پێ نییە، کەس نازانێ میقاتی وەستانی شەڕ کەیە، کەس ئیتر بە گرژینەوەکانی عەقید دڵی خۆش نابێ وابزانێ وەستانی جەنگ نزیک بووەتەوە.

خانم ئێمە لە وڵاتێکین زمانی خەڵکەکەی نازانین، زۆرمان لەبابەت دڕندەیی خەڵکەکەی بیستووە، بەڵام ئەمانە مەرج نییە هەمووی راست بن.. ئەگەر هەواڵی وەستانی جەنگ دەپرسیت، وەڵامی ئەمە لای کەس نییە عەقید خۆیشی هیچی لەبارەوە نازانێ، ئەویش دەڵی من قەت بڕیاری دەستپێکردن و وەستاندنی جەنگم بەدەست نەبووە.

ئەو دەڵی دوژمن لە رەشەبا دەچێ، هەرکات هەڵکات هەڵدەکات، لە هەرکام لاوە بێت دێت، ئەو دەڵێ من پێویستم بە سەربازە تا ئەو دەمەی رەشەبا بەیەکجاری نامێنێ.

خانم دڵتەنگ مەبە من لێرەم لە شوێنێ خۆم شاردووەتەوە مرۆڤی ناگاتێ.

کابرای دووەم ئەم کاغەزانەی دەخوێندەوە و دەفتەرەکەی خۆی دەرهێنا، لەبەر نامەکانی ئەو نامەیەکی دیکەی نووسییەوە و لە ژێرەوە نووسی ئەو کاغەزانە نازانم بەدەستت دەگات یان نا، عاقڵەکان دەڵێن جەنگ لێرە نابڕێتەوە، لەم ژوورەی منی لێم سەربازێک لە جەنگێکی گەورەی خوێناوییەوە رایکردووە و خۆی لێرە حەشارداوە، لەم ژوورە ئۆقرەی گرتووە ، ئەو نامانەی بۆ خێزانەکەی نووسیون هەروا لێرەن، من نازانم ئەو کێ بووە و بۆ کوێ چووە، ئەویش شاهێدیی داوە کە ئێرە جێگەیەکی ئەمینە، کە هاتم هەندێک ئێسکم دۆزییەوە هی مرۆڤ بوون، لەگەڵ چرایەکی شووشە لە دەرەوەی ئەم ژوورە کەوتبوون.

# بارانێک پڕ لەڕۆح، سەوزاییەک لە وەنەوشە

کەژاڵ ئیبراهیم خدر

**١**
لەبالآی بەرزت دەڕوانم
تا دێ لام بەرزتر دەبێت
لە نیگای چاوت دەڕوانم
تا دێ لام گەشتر دەبێت
لە سیمای سپیت دەڕوانم
تا دێ لام جوانتر دەبێت
گیانە کاتێ جەستەی ماندووم
تێکەڵاوی جەستەت دەبێت
بارانی سۆز دادەبارێ و
تیشکی خۆریش زەردتر دەبێت

**٢**
گەر ڕێم بدەی
بە درێژای تەمەنم دێمە دەریای ئەوینتەوە
گەر ڕێم بدەی تا دوا ساتەکانی ژینم
دێمە ساباتی قژتەوە
گەر ڕێم بدەی، تا تروسکایی لە چاومایە
دێمە ڕووباری چاوتەوە
بەڵام ئازیز قەت ڕێ نەدەی
بۆ ساتێکیش بێ ماچ سەر بنێمەوە

**٣**
زۆر حەزدەکەم ببی بە دار چنارێک
لەژێر سێبەری باڵاتدا پشوو بدەم
زۆر حەز دەکەم بتکەمە کۆترێک و
لە چواردەوری ماڵەکەمدا بەندت بکەم
زۆر حەزدەکەم بتکەم بە پەیکەرێک و
لەژوور سەرمدا هەڵتواسم
بەڵام چی بکەم ئازیزەکەم
لەم وڵاتە بەس دەتوانم لە دوورەوە
بۆنت بکەم

**٤**
ئەم جارەیان نامەکەی تۆ
لوتکەی لێکردم بە چیا
پێنووسمی کرد بە شمشاڵ و
ئاوی چاوی پێ ئەژەنی و
بەرد لێی ئەدا
سنەوبەر سەرچۆپی گرت و
پێکەنین چەپڵەی لێ ئەدا
ئەستێرە ئەوینی سپی ڕشت و
دڵی منیش لەدەوری باڵات ئەگەڕا

**٥**
روخسارت لە گوڵێکی پەمەیی دەریا دەچێت
ناوە ناوە ئەوینی خۆی سپیپۆش کردووە
هەندێ جار لەگەڵ شەونمی بەیاندا
خۆی دەردەخاو
تاو ناتاوێک روخساری گەڵاڕێزانی خۆی
بەسەر دیدەی پڕ لە شەبەنگی مندا پەخش
دەکات

**٦**
خەونم بە دڵی دار گەڵایەکی
پڕ لەسێبەری چاوەڕوانییەوە بینی
دار توویەک بوو لەوشەی شیعر
بەباڵی فڕیندا ، پەنجەرەی دڵی
لەگەوهەری شەپۆلی دەریا ئەچوو
هێدی هێدی ئەوینی خۆی
لەناو نۆتەی دەنگمدا ناسییەوە
سبەینێ بووە
بووکەشووشەیەکیئێسکسووک
ڕەنگەکانی پڕکردم لە تۆی غوربەت و
بوومە کیژۆڵەیەکی جوانکیلەی تازە بووک

**٧**
وەک دار زەیتوون ناسکیت و
وەک شەونمی بەرەبەیان
نمەی بارانت لێ دەتکێ و
وەک دڵێکی غەریبیت و دێیت و دەچیت
نە بروسکەی هەواڵ دەمگاتێ و
نەتۆش لە وەرزی دڵم وەڕەس دەبوویت

**٨**
کە گوێ لە مرواریەکانی شیعرم دەگریت و
دەمخەیتە ناو گلێنەی سووتانی چاوتەوە
دەبمە ڕووبارێکی ئاوی
دەبمە باڵندەیەکی نێو زەریا
مەست دەبم بە نۆتەی دەنگت و
دێمە ناو ئەندێشەی شەوتەوە

**٩**
لە گەرووی دار ژێیەکی کەمانی مۆسیقارێکدا
ڕستەی جیهانێکی ئەفسووناوی هەبوو
لەدەنگیدا وزەیەکی نائومێدی و
لەکەناری دڵیشدا ماندوو نەبوون
بەدەم ئاوازی شیعرەکانمەوە
سەمای بۆ دەکردم
وەک سەمای شەپۆلەکانی ئاو
خەندەیەکی شیرینی دا لەقژم
بووم بە کانیلەیەکی پڕ لە تاڤگە و
هەناسەی دیدەی تۆی پڕ لە چاو

**١٠**
قەڵەمەکەت کردم
بە ئەسپێکی کەحێلی سپی
زامەکانت لە ئاسمانی هەناویدا
کوژاندەوە
لەگەرووی پڕ قەتاری دەروونیەوە
ئاوێکی ڕەوانی پێ نۆشیم
ڕژایە ناو بەهرەی شیعر و
پەنجەرەی ڕۆح و هەناومەوە

**١١**
قەڵەمەکەموشەکانی
تامی کچی نیشتیمانیان گرت و
تا وام لێهات چەندین
زنەی گوڵی شیعر
خۆی خزاندە بیر و
هەستمەوە
بووم بە درەختێکی تەلیسماوی
پرتەقاڵە نارنجیەکانی شیعر و
هەرمێ کراس زەردەکانی
پەخشان و
هێشووە ترێی دنیای منداڵانی

**١٢**
خوڕەی چەم و قاسپەی قەدپاڵ و
ڕەنگی ئاسۆو تیشکی خۆر و
بۆنی مێخەک و شەماڵی بەربەیان
بوون بە هاوڕێم
ئیتر ناخم
وەکو لاوک گەرم بوو
وەکو حەیران نیان بوو
چاویشم
وەک ئاسکێکی چاو
ڕەش سرک بوو

**١٣**
ئازادیی ژن تریفەی مانگ دادەگیرسێنێ و
ڕووناکیی خۆریش
زکری عەشقێکی نەپساوە بۆخۆی دێنێ
ئەوە ئازادیی ژنە
شیعرەکانم سەوز دەکا و
ڕووناکیی ویژدان دەنەخشێنێ
تاکوو ببێتە مۆمێکی داگیرساو
بێت بە سروودی نیشتیمان و
لەپەرچەمیا
بێتەخۆر و ئازادی بۆخۆی بێنێ



# دواکەوتن لە کەشتیی نووح

## لە ئاستانەی فریودا دێمە خوارێ

تاسە دایگیرساندووم و شوێنپێی یار دەمبا و تەماشای شوێنی پەیامهاتن دەکەم
پێی یەکەمم لەسەر ژیان
زوو زوو ڕەنگی دەگۆڕێ و ئەشقیش دەست پێدەکاتەوە
بەڵام نازانێ لە چی و بە چی دەست پێدەکاتەوە
پێی دووەمم لەسەر مردن
هەزار و یەک پەیژەی نامۆ و بێ ناونیشانت لە پێش دادەنێ
بەر لەوەی سەربکەوی ئاماژەیە بۆ هەرەس و کۆتایی
پێی سێیەمم لەسەر ناوچەوانی پڕ هەستی چاوەڕوانی
هێند لەسەر بەرماڵی ئەستێرە بەسەردارڕژاودا
بە دەوری مۆمی حەوتجار داگیرساو و خۆری ماتی بەیانییان سووڕامەوە
سەرم سووڕا و سەرم بە ناولەپی جوانێکی بێ ڕوخساردا کرد
هەقیقەت وەک چەقۆی بەجێماوی دوای کوشتنێک
هەردوو دیوی فریومان دەدا و زەنگێکی بەهێز لە شوێنی پەیامهاتن لێی دا
سەری گۆزەی داگیرسانیش هەڵدراوەتەوە

**حوزەیرانی 2016 هەولێر**



سەباح ڕەنجدەر

## لە بەرزەخ بەرەو ماڵی خۆم دەبمەوە

بەو ئاگرە دەسووتێم
کە لە بینینی دەترسێم
هێشتان هیچ ئاگردانێکیش بەتاڵ نەبووە
شکۆ و شانازیی من ئاگرێکی ڕوومەت کراوەیە لەناو باخێکی میوەدا
لە ڕازی ڕاماوم و شانەکانی دڵیم خانە خانە گواستووەتەوە لەشم
بەرەو ماڵی خۆمم دەباتەوە و مووچڕکی گەرمم پێدا دێ
لە سووتاندا دەمامک و پەردە نییە و هیچ شتێکیش ناشاردرێتەوە
سووتان قووڵایی هەزار چاو و نوێژی یەکەمە
ڕێگای هاتن و ڕۆیشتن دەزانێت
پێڵاوی لە لۆکەی یەکەم بەری کێڵگەیە
هات و ترپە و تەپەم گوێ لێ نەبوو
کە ڕۆیشت بە چاومدا هاتەخوارێ
چووە ڕیشاڵی ڕووناکییەکی خاکییەوە و زەوی ترووکا
دڵیش یەکەمین دەفی لێدانی خۆی لێ دا و باڵی ڕسکا
ئەستێرە لە فڕینێکی ڕوون بەسەر باڵدا ڕژا

**تەمموزی 2016 هەولێر**




سەرپەرشتیار: بژار حەکیم